

# سەما دژ بە سیستم دژ بە خێڵ

هیوا محەمەد

وتار

مالّپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

***لیۆتار*** پێیوابوو پۆست مۆدێرنە بە مانای کۆتایی حیکایەتە گەورەکان دێت، هەر وەک چۆن ***ژان بۆدریار***یش **پێیوابوو شکستی دیالێکتی فەلسەفەی مارکسی یەکێک لە بەڵگە گرینگەکانی نەمانی (مانا)یە لەنێو پۆست مۆدێرنەدا**، لە ڕوانگەی (تۆینبی)شەوە پۆستمۆدێرنە لە جەوهەری خۆیدا مانای زاڵبوونی ناعەقلانییەت لە خۆیدا هەڵدەگرێت، (ئاشڤیتس) پۆست مۆدێرنەی بە سومبولی کۆتایی سیاسەت و هونەر و ڕۆشنبیری هەژمار ئەکات[1].

هەروەها ***ئەدۆرنۆ*** و ***هۆرکهایمەر*** پێشر لە کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەریدا) ڕایانگەیاند، کە لەگەڵ پێشکەوتنی عەقلانیەتدا گەوجیش بە هەمان بڕ و قەبارە گەشەی خۆی دەکات[2]، ئەگەرچی مۆدێرنەدا بۆ ئێمە جگە لە هەندێک شتی ڕواڵەتی وەک تەکنەلۆژی و کاڵای بیانی، کە بە هۆی جیهانگیرییەوە گەیشتە ئێرە هیچی تر نییە، گەرنا هاتنی ڕواڵەتەکانی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە هاوشانی پێشکەوتنی ژێرخان و سەرخان نەبوو، بگرە لە زۆر دۆخدا هەڤدژی خەلق کردووە، واتە بە مانایەکی تر کۆمەڵگەی ئێمە زۆرکەم بەر مۆدێرنە کەوتووە و باش دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم نەکردووە، بەڵکو هێشتا کۆمەڵگەیەکی نەریتی و سوننەتی داخراوە و بەشێکی زۆری ژێرخانمان زیاتر نەریت و کولتوورێکی ئاینیی خێڵەکییە بە تێکەڵی، نەک ئابوورییەکی پوخت و کۆنکرێتی بێت. **ئێستاش ئەو گەوجییەی تەکنەلۆژیا هێناویەتی تێکەڵی گەوجییە سوننەتی و نەریتییە کولتوورەکە بووە و کۆکتێلێکی عەجیب و غەریب و شەڕانگێز و داخراوی دروست کردووە.**

لێرەوەیە، کە بۆدریار پێیوایە مۆدێرنە کاتێک هەوڵدەدات خۆی گەردوونی و یونیڤێرسالی بکاتەوە، ئەوا وردوخاش ئەبێت و وەردەگەڕێت بۆ پۆست مۆدێرنە. واتە وەردەگەڕێت بۆ جیهانێک، کە پاشماوەکانی دونیای دێرین و فۆلکلۆر و

---

[1] رامین جەهانبەگلو، مۆدێرنیتە دیموکراسی و رۆشنبیران، موکرایانی، چ1، هەولێر، 2002، ل84-85

[2] ئەم پەرەگرافە وەرگیراوە لە : دیالێکتیك، وەلید عومەر، کتێبی دووەمی نێگەتیڤ.

کولتوور و نەریتی گوندیتییدا ئامادەیە، ئەمەش مۆدێرنە پارچە پارچە ئەکات. هەروەها بە جۆرێک پۆستمۆدێرنە هەڵوەشان و ترازان دروستدەکات، **تەنانەت سوبێکت خۆیشی لە سەنتەر دادەماڵرێت لەنێو ڕەوتە فەلسەفییەکاندا پارچە پارچە دەبێت و لە هەندێک ڕووشەوە دەبێتە بەرهەمی زمان و دەسەڵات**[3]. پێموایە ئەمە چەندە سیفەت و ماکی قۆناغ و سەردەمەکەیە وەک دۆخێکی جەبری و زاڵی یونیڤێرسالی، هێندەش پلانی سیستمەکانیشە بۆ برەودان بە ئامراز و میکانیزمەکانی پۆست مۆدێرنە بۆ زیاتر دیسپلینکردن و هێشتنەوەی دۆخی شل و مەنگ لە شوێنی خۆیدا. هەروەکو چۆن ***هۆرکهایمەر*** **پێیوابوو (عەقڵی ئامرازی) ئامانجەکەی بریتییە لە خزمەتکردن بە هێزە هەژموونگەرا و باڵادەستەکان، نەک ڕزگاریخوازەکان**، هەروەک چۆن ***ماکس ڤێبەر***یش پێیوابوو عەقڵی ئامرازی (کۆمەڵگەیەکی دیسپلینکراو) خەلق دەکات[4] کە تێیدا ئازادییە گشتییەکان لەژێر ڕەحمەتی تەکنەلۆژیادا لە قاڵب دەدرێت.

**کۆتایی حیکایەتە گەورەکان واتە کۆتایی گۆڕانی ڕیشەیی و شۆڕش و ڕادیکالیزمی کولتووری**: یەکەم لە ئاستی لیبرالیزمدا، واتای بێ دەرووەسی و بێ باکی تاک لە ئاستی قەیرانە سیاسییە جدییەکان، لە هەمان کاتیشدا دەرگیربوون لەگەڵ حیکایەتە بچووکەکانی نێو ژیانی شەخسی خۆت و نغرۆبوون و ڕۆچوون لە ژویسانس و زیادە چێژدا. کە **بە زمانی *سلاڤۆی ژیژەک* ئەمرۆ کەوتوینەتە بەر ئەو فەرمانە گشتییەی کە لە هەموو پنتێکی جیهانی سەرمایەدارییەوە هەڵدەقوڵێت، کە بەردەوام بانگمان ئەکات: هیچ مەکە و تەنها چێژ وەرگرە**[5]. دووەمیان لە ئاستی ئایینی و خێڵ و کۆمەڵگەی داخراوی وەک ئێمەدا بەرگریکردن لە کولتووری بچووکی خێڵ و دابونەریت و کۆنەپارێزی باوکسالارانەی کوردی دژ بە ئیستاتیکا و هونەر و جوانی و مۆسیقا و سەماکردن، واتای فەرزکردنی

[3] وەرگیراوە لە پێشەکی وەرگێڕ لە کتێبی: چۆن تا ئێستا هەموو شت ئاوا نەبووە، ژان بودریار: و: وەلید عومەر، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2019، ل12،55.

[4] ئەنفال و خوێندنەوەی ژانووسیانە بۆ مۆدێرنە، و: نێگەتیڤ، کتێبی چوارەمی چەپ و مۆدێرنە، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2019،ل249-251.

[5] ئەم پەرەگرافە وەرگیراوە لە وتارێکی: وەلید عومەر، بەداخەوە ناونیشانی گوتارەکەم لە یاد نییە.

کولتووری خێڵ و نەریتی لۆکاڵە بەسەر گلۆباڵدا لەنێو فەزای مەجازدا، لەلایەن سۆبێکتی غەمگین و فشۆڵ و مەست و داوەشاوی نێو زەمانی پۆست مۆدێرنەوە.

بۆیە لە کۆمەڵگەی داخراوی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا لەلایەک تەکنەلۆژیا و هەندێک ڕواڵەتی مۆدێرنە و لەلایەکی تر ئایین و نەریتی خێڵ ـ کولتوور، **بۆتە هۆی ئەوەی لە سوبێکتدا نەهێلیزمی پاسیڤی خێڵ ـ کولتوورە کە لەگەڵ نەهێلیزمی تەکنەلۆژی ئاوێتەی یەکتر ببێت، بە زمانی فۆکۆ: ئەوە سیستمە سوبێکتەکان دروست دەکات، ئالتۆسیر گوتی ئایدۆلۆژییەکان لە نائاگاییدا بانگمان ئەکەن**. ئەمڕۆ شتاکەکانی هەر وەک چۆن لەنێو کاڵا و زێدە مەسرەفگەریدا نغرۆ بوون، ئاواش لەنێو میدیا و فەزای مەجازدا کەساس و نغرۆ بوون، بە زمانی مارتن ***هایدیگەر*** تەکنەلۆژیا کەمئەندامی کردوون، **وەک ئێستا ئاکامەکەی دەبینین عەوامێک لێرە بەر غیابی عەقڵی خۆیان کەوتوون، هەڵبەت بۆدریار پێیوایە لە داهاتوودا تەکنەلۆژیا مرۆڤ معەوق(کەمئەندام) دەکات وایلێدەکات وزە و پۆتێنشیەڵی تێدا ناهێڵێت، بە جۆرێک کە لە داهاتوودا دەیەوێت ئەو ئەندامە لە دەستچووانە بەکار بهێنێتەوە، بەڵام بەر غیابی خۆی دەکەوێت**[6]. وەک دەبینین لەم فەزایەدا ئێستا ئەوەی غیابە عەقڵە، بەڵکو زیاتر عاتیفە زاڵە، زمانیش تا ئاستی سوان و هیچ نەگوتن نزم و بازاڕی بۆتەوە بۆ جوێن و لێشاوێک لە نووشتەنووسی فەیسبووکی پەروەردەکراوی میدیا و ژورنالیستەکان بە عەقڵێکی خێڵ ـ فاشیستی و حەماسی کلۆڵەوارەوە ڕەخنە و هەڵکۆڵین دەربارەی ئەخلاق و سەما و هونەر و مۆسیقا ئەکەن و خەریکی ڕشانەوەی سایکۆلۆجین.

ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵگەمان بە دەست فەسادی سیاسی و نادادی و قەیرانی گەورەی جۆراوجۆرەوە دەناڵێت، کەچی وازیان لە گشت و کولیات هێناوە لەگەڵ جوزئیات و نەریت و ویستی خێڵەکیانەی بچووکی خۆیاندا دەرگیر بوونەتەوە. وەک ***بیۆنگ چۆل هان*** دەڵێ: تاکی ئەمڕۆ بەهۆی ئەو هەموو سەعاتانەی ئیشکردن لەبەردەم شاشە و تابلێتەکاندا تووشی جۆرەها نەخۆشی بووە، وەک خەمۆکی و هەرەسی دەروونی و نێرسیتی و ئیگۆ سەنتەری و عەودالّی گەڕان بەدوای

[6] ئەم تێڕوانینەی بۆدریار لە سەرنجێکی پەیجی نێگەتیڤ وەرگیراوە.

سەرکەوتنی مەجازیدا، بە جۆرێک کە ئەو ناوی لێناوە (سوبێکتی عەودالّی سەرکەوتن)[7]

لەبەرئەوە ئەمڕۆ ئەبینین بە زمانی بۆدریار ئەم دۆخە بە هۆی زۆری زڕەوێنە و سیمولەیشنەوە شل بۆتەوە، بە جۆرێک واقیع خۆی لەنێو کۆپی زۆروزەبەندی خۆیدا ون بوو، واتە ئەسڵ و ئۆرجینالّ لەنێو کۆپی زۆری زڕەوێنەدا ون بووە، کە ئەو لە بری پۆست مۆدێرنە ناوی لێناوە مۆدێرنەی شل، **بە شێوەیەک تێیدا هەموو شتێک دەشێت دەستبدات، لە پاڵ هەموو قەیرانەکادا دۆخێکی نادڵنیایی و هەست کردن بە نەزانینی ئەوەی کە ڕوودەدات**[8]، لە میدیاش بەرەکەت، کە ئەمڕۆ کێچێک ئەکاتە فیلێک، بۆیە ***بۆدریار*** لە شوێنێکدا وتی: تەنها ئەو ڕووداوانە ڕوو دەدەن، کە لە تەلەفزیۆندا ڕوودەدەن!. وەک دەبینین ڕووداوەکان دەکەون بەسەر یەکتردا و هێندە بە خێرایی دێن و دەڕۆن فریا ناکەوین چاو و دەممان بکەینەوە ڕوانگە و سەرنجی جدی لەسەریان بدەین، لێرەوە دەکرێت بپرسین ئایا سەما هێندە پاسیڤ و بەدە وەک خەڵکێکی سوننەتی و نەریتی ئەوە چەندین جارە دژی دەوەستنەوە، هەڵبەت مەبەستمان لە سەمایەکە (بێ نمایش و ژێستی سێکسی) **بە داخەوە ئێستا مۆسیقا بە گشتی لە فەزای دیجیتالیدا بۆتە ئەو مۆدە و بازاڕەی، کە هەموو شتێک بە مەدلولی سێکس بار دەکات**[9]، هەڵبەتە پێشتر ئاشکرایە خەڵکێکی سوننەتی لەم فەزایەدا بە هەمان شێوە هەر دژی کلیپ و سەماکەی ماریا هەورامی بوون، ئەمە لە کاتێکدا نە ڕەمەزان بوو، نە کلیپەکە ژێستی و نمایشی سێکسی لە خۆیدا هەڵگرتبوو. هەڵبەت بە چاوپۆشین لەوەی کلیپەکەی ماریا هەورامی لە جۆری هونەری نزمی شەعبی بوو، بە پێوەرە ئەفلاتوونییەکە لە ئاستی تموح و زەوق و چاوەڕوانی چێژی ئێمەشدا نەبوو.

---

[7]فەیلەسوفی فەیسبووك: پێشەكییەك بۆ فەلسەفەی بیۆنگ چۆل هان و دوا سنوورەكانی پەیوەندیگرتنی مۆدێرن، ئادریان نتان وێست، و: وریا ئەحمەد، كتێبی چوارەمی چەپ و مۆدێرنە، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2019، ل282.

[8] دیسانەوە مۆدێرنەی شل، زیگمۆند باومان، و: شالّاو خالید، کتێبی چوارەمی چەپ و مۆدێرنە، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2019،ل279.

[9] ئەم دێرەم لە وتارێكی هاوار محەمەدەوە بە هەندێك دەستكارییەوە وەرگرتووە، بەداخەوە ناونیشانی وتارەكەم لە یاد نییە.

**لێرەوە دووبارە پرسە سپینۆزایەکە گرینگە، جەستە دەتوانێت چی بکات؟ بێگومان جەستە دەتوانێت خۆی نیشان بدات (خۆپیشاندان دژ بە سیستم) دەتوانێت شۆڕش بکات و سەماش بکات**، واتە سەماکردن دەشێت لەسەر شەقامەکان دژ بە دەسەڵات دژ بە نەریت و کولتووری باوکسالارانە ڕادیکاڵ بکەویتەوە، وەک بینیمان لە تونس و مسیر (موبارەک و زەینە العابدین) هەر بە سەما و گۆرانی و چەپڵە لە تەخت و دەسەڵات هێنرانە خوارەوە و دوور خرانەوە، لە مەیدانی تەحریری میسردا لە کاتێکدا گرووپێک سەمایان ئەکرد، ئیخوانەکانیش لەو بەرەوە نوێژی جەماعەتیان ئەکرد، کەسیش بە کەسی نەدەگوت بەری چاوت کلی پێوەیە، هەروەها لە مسیر لە نزیکەوە هەندێک لە ژنە ئیخوانی و سەلەفییەکانم بینیوە بە نیقابەوە سەمای شەعبیی و جۆراوجۆریان لە ئاهەنگە گشتییەکان و بۆنەکاندا لەسەر شەقام کردووە، کەچی سەیر ئەوەیە لە کاتێکدا ئیخوان و سەلەفییەکانی ئێمە دژی سەمان، هەڵبەت زۆرجار لە کولتووری ئێمەدا سەمای شەعبی ئەوان، وەک ئەوەی کە لە فیلمەکانیاندا دەبینرێت، بە سەمای سۆزانی و قەحبە ناوزەد کراوە.

ئەگەرچی ئێستا بە داخەوە بە هۆی تاتۆ و ساچم لێدان لە جەستە و لەشجوانی و نەرمە وەرزشی باوی سەردەمی نیۆلیبرالیزمەوە، نەک تەنها لە ڕۆژئاوا لێرەش هێدی هێدی جەستە ئەکتە ڕادیکاڵەکەی خۆی لە دەستداوە. تەنانەت پێشتریش لە ڕۆژئاوا ڕاپەڕینی خوێندکارانی 68 لە فەرەنسا ڕووتبوونەوەی ژن دژ بە دەسەڵات و بەکارهێنانی سنگ و جەستەی ڕووتیان بۆ نووسینی دروشم و تابلۆ و قەتعە بەکارهێناوە، کە تاکە ڕووتبوونەوەیەکە لە مێژوودا، کە لە پێناوی نادادی شۆڕشدا ڕادیکاڵ کەوتبێتەوە. **هەوروەها پێویستە جەستە ئازاد بێت، گەڕانەوە بۆ جەستە بە مانای ئازادانەی شەهوەتبازی و چێژ نییە، بەڵکو ئەوەیە جوانییەکەی نەشارێتەوە، هەروەها لە مەلهاکاندا بە هەدەر نەدرێت، بە تلیاک و وێنەی سێکسی و پۆرنۆگرافیا و تاتۆ وێران نەکرێت، بەڵێ جەستە دەتوانێت سەما و شۆڕش و داهێنان بکات، لە هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بە ناچاری جەستە دەبێت بهێنرێتەوە پێشەوە، بۆ نێو دروشم و کۆڕ و کۆبوونەوەکان. پێویستە بە هونەر**

**و مۆسقا و سەما هەمووان بەرەنگاری ئەو عەقڵە کۆنەپارێزە سەلەفییانە بینەوە، کە دژی سەما دەوەستێتەوە.**[10]

وەک ئەبینین لە ئێستاشدا کەمپینی گروپ و هێزە کۆنخوازەکان و سیستم پارێزەران، کە دەستیان بە گوتاری مانەوەی نەریتی خێڵەوە گرتووە، لە بری ئەوەی دژ بە دەسەڵات بوەستنەوە، تا ماف و قوتی خەڵکی بگێرنەوە، کەچی دێن کەمپین دژ بە سەماکردن دەکەن، لە کاتێکدا ئەکتی ڕادیکاڵ ئەوەیە ڕووبەڕووی مشەخۆران و سیاسییەکان ببنەوە. بۆیە بە زمانی **ژیژەک** ئەوەی ئەمڕۆ هەیە سوبێکتێکی بێ سەنتەر و فشۆڵە، لە خراپترین شێوەی خۆیاندا هیچ نین جگە لە بووکەڵەیەک بەدەست هێزە باڵادەستەکان و ئایدۆلۆژیا زاڵەکانی سیستم و جیهانەوە[11] هەڵبەت ئایین و کولتوور هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتە نیۆلیبرالیزمەوە کەم تا زۆر موجامەلە کراوە، مەگەر پێشتریش دەسەڵات بۆ ڕازیکردنی عەوام لەلایەک و بەدەستهێنانەوەی متمانەیان و پاراستی ئادابی گشتی بەدناوادا لە لایەکی ترەوە هۆمۆسێکشواڵەکان زیندانی نەکرد و پۆلیسی ئەخلاقی بۆ سەماکەرەکە ڕەوانەی سەهۆڵەکە نەکرد، تاوەکو بە حساب ڕووی خۆی سپی بکاتەوە، هەڵبەتە دیارە، کە دەسەڵات بە هۆی زۆری نادی و بوونی یانە شەوانەکان و مەساج و برەودان بە مۆدێلستەکان لە میدیاکانیدا چەندە دەستی ڕەشە.

هەڵبەتە گەر کەسێک سەردانی هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامی کردبێت، هەندێ جوانی لەو وڵاتانەدا لەوەدایە، کۆمەڵگەکەیان کراوەترە، هەموو کاتێک ڕەمەزان بێت یان نا، هەموو جۆرە گرووپێکی سەما و گۆرانی تێدایە، جا نێوخۆیی بێت یان بیانی، لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان ئەبینرێن، سەما دەکەن و گۆرانی ئەڵێن و مۆسیقا لێدەدەن، مۆڵتی کولتووریکیان بۆ خۆیان دروستکردووە، بۆیە سەدان هەزار گەشتیار ساڵانە ڕوو لەو وڵاتانە ئەکەن و بۆتە داهاتێکی باش بۆیان. دیارە کوردیش لە مێژوودا وەک ئێستا بە هۆی شەپۆلی سەلەفیزم و ئیخوانیزمەوە هێندە داخراو کۆنەخواز نەبووە و سەما و هەڵپەرکێ بەشێک بووە لە نەریت و

---

[10]بڕوانە: هاوار محەمەد، وتاری زانکۆ دژ بە مزگەوت لە بلۆگی نۆماد.

[11] بڕوانە: تۆنی مایەرز، فەلسەفەی سلاوۆڤۆی ژیژەك، و: وەلید عومەر، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2014، ل75.

کولتووری، تەنانەت وەک ڕۆژهەڵاتناسەکان باسی ئەکەن ژن لە لادێکاندا وەک پیاوان کاری هەرەوەزی کردووە و سەربەستییەکی ڕێژەیی هەبووە، بۆ نموونە کاتێک پیاوەکەی لە ماڵ نەبووە لە جیاتی پیاوەکەی پێشوازی لە میوانی پیاو و ژن وەک یەک کردووە. هەروەها لە کاتی جەنگەکاندا بۆ ڕووخانی ورەی دوژمن و داگیرکەران سەمایان کردووە، تەنانەت مێژوونووسان ئەگێڕنەوە، ئەو کوردانەی کە لەنێو تیپە سەربازییەکانی قزلباشەکاندا سەرباز بوون لە بەرەی سەفەوییەکان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی، بۆ دابەزینی ورەی دوژمن لە شەڕی چاڵدێراندا ساڵی 1514ز. هەڵپەرکێیان کردووە[12]، ئێستاش ئەم ژێستە و ئەکتە لای پەکەکە کەم تا زۆر وەک بەرخودان بەرەنگاری ئەبینرێتەوە.

ژیژەک لە وتارێکدا باس لەوە دەکات پیاوانی کۆنەپارێز و نەریتپارێزی کۆمەڵگە سوننەتی و داخراوەکان کاتێک دوور لە چاوی خەڵک و کامێران، لە ژیانی نهێنییاندا وەک ئوبێکتێکی سێکسی لە ژن ئەڕوانن، ئیدی ئەوەش لە ڕێگەی تەحەڕووشی سێکسییەوە بێت یان توندوتژی و دەستدرێژی سێکسی جۆراجۆرەوە بێت لە هەمبەر ژندا، بەڵام کاتێک ژنی چەتوون و زیتەڵ لە بەرامبەر ئەم جۆرە پیاوانەدا بە دەستی خۆی، خۆی دەکاتە ئوبێکی سێکسی: بۆ نموونە لە ڤیدیۆیەکی فەزای مەجازدا ژنێکی محاجەبە لە بری فالۆسی پیاو یاری بە مۆزێک دەکات لەنێو دەمیدا، خێرا پیاوەکان تورە ئەبن وەک ئەوەی قیامەت هەستابێت[13]، کەواتە دەرهاوێشتن و قسەکە لێرەدا ئەوەیە گریمان سەماکە نمایش و ژێستی سێکسی نواندۆتەوە (کە من وای نابینم) بەڵکو وەک نەریت و جۆرە سەمایەکی کولتووریکی تر، لە جۆری سەمای تانگۆیە، ئەوا کاردانەوەکەشی جۆرێک بوو لە دووڕووی و نیفاق و ڕیاکاری ئەخلاقی، لە کاتێکدا دوور لە چاوی کامێراوە ئەوانەی تورە بوون و هاتنە دەنگ، تێیاندا نییە بە نهێنی تەماشای سایتە سێکسی و پۆرنۆگرافییەکان یان ژن و کچی سفوری خەڵکی تری نەکردبێت.

---

12 لە بارەی شەڕی چاڵدێران بڕوانە کتێبەکەی: شەمسی محەمەد ئەسکەندەر، مێژووی کورد لە سەدەی شانزەدا، و: شوکر مستەفا، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 1998.
13 ئەم پەرەگرافە بە هەندێك دەستكارییەوە وەرگیراوە لە: سلاوڤۆی ژیژەك، وانە بنەڕەتییەکانی دەروونشیکاری فرۆیدی و ئەودیویشی: سێکسواڵیتە، خەسڵەتپێدان و تراوما، و: ڕوشدی جەعفەر، نێگەتیف.

پاشان توراس و نەریتێک هێندە تاریک بێت، دەیان ساڵە ژنکوشتن و کولتووری ژنکوژی هەستی ناسکیان بریندار ناکات، نادادی دەسەڵات و کۆی غەدری حیزبەکانی ئەم سیستمە هەستیان بریندار ناکات، کە هەموو چوار ساڵ جارێک دەنگییان پێدەدەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم حیزبانە پێکەوە چینایەتیان لەم وڵاتەدا خەلق کردووە، سیستمێکیان خەلق کردووە خەڵکی دووچاری برسیەتی و هەژاری و نەهامەتی کردووە، کە زۆرینە لە سایەیاندا داد و بێدایەتی، بەڵام سەمای دوو گەنج کە جێی داخە خەڵکی ئەم وڵاتەش نەبوون! هەستی بریندار کردن.